لە ئەمڕۆوە بە ماوەی سێ ڕۆژ ماتەمینی گشتیی لەسەر هەولێر ڕادەگەیێندرا

لە ئەمڕۆوە بە ماوەی سێ ڕۆژ ماتەمینی گشتیی لەسەر هەولێر ڕادەگەیێندرا.

پارێزگاری هەولێر لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، بەهۆی ئەو پێلامار و موشەکبارانە نامەوایەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە شەوی ڕابردوو کرایە سەر شارەکەمان و لە ئەنجامدا بەداخەکی زۆرەو چوار هاووڵاتیی سڤیل شەهیدبوون و شەش هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی شەهیدان دەکەین و لە خودای گەورە داواکارین شەهیدانی ئەو پێلامارە تیرەرستییە بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و شیفای بریندارەکان بدات.

وتیشی: جارێکی تر وەڵامی ئەوەی بە توندی ئیدانە و شەرمەزاری ئەو پێلامار و هێرشە نامەوا و زاڵمانەیە دەکەین، کە بەبێ هیچ پاساو و بنەمایەک خەڵکی سڤیل و بێتاوانی کردە ئامانج، لە سنووری پارێزگای هەولێر لە ئەمڕۆوە بە ماوەی 3 ڕۆژ ماتەمینی گشتیی ڕادەگەیێنین.